کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووهەم- ژمارە ٤١٧-نیوەی یەکەمی پووشپەڕ ١٤٠٠-جوولای ٢٠٢١




## پەیامەی هاوڕێ فەرهاد لە مەراسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە جۆزەردانی ١٤٠٠ ل۴



## هاوڕێ نەعیم گەروسی نژاد بە جێمانی هێشت ل۹



## نیشتەجێ بوون لە هەر شوێنێکی جیهان کە مرۆڤ خوازیاری بێت، مافێکی جیهانییە ل۶




## لە یادی ٤٣ ساڵەی دامەزرانی هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا ل٢




## وڵامی بەتەوژمی خەڵکی کوردستان بە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم ل۹



## کرێکاران ڕێگای ڕیشەکێش کردنی هەژارییان نیشان داوە ل۵

سەروتار

# لە یادی ٤٣ ساڵەی دامەزرانی هیزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا

## دەقی ووتەکانی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە لە ڕێورەسمی ڕوژی پێشمەرگەی کۆمەلە و ڕێزگرتن لە ٤٢ سال خەباتی ماندووی نەناسانەی هاوڕێ فەرهاد شەعبانی، بە بەشداری خۆی

ئامادە بوانی ئازیز هاوڕێیانی پێشمەرگە،

ئێوارەتان باش! ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە هەمووتان پیرۆز بێت. بەداخەوە بە هۆی بارودۆخی ناوچەکە ئەمساڵ وەکوو زۆرێك لە ساڵانی ڕابردوو نەمانتوانی ئەو ڕێوڕەسمە لە سەر گڵکۆی کاکە خانەی موعینی یەکەم پێشمەرگە و یەکەم گیانبەختکردووی کۆمەڵە لە شاری ماوەت وە لە نزیك ئەو شوێنەی کە گیانی بەخت کردبوو بەڕێوە بەرین، یادی ئەو ئازیزە بۆ هەمیشە لە دڵماندا زیندووە. هەروەها هەر بەم بۆنەوە هەزاران درود و سڵاو دەنێرین بۆ یادی ئازیزی ئەو گیانبەختکردوانەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە سەر ڕێبازی کۆمۆنیزم لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا لە مەیدانەکانی جۆراوجۆری خەباتی پێشمەرگانە و خەباتی سیاسی و لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئەشکەنجەگاکاندا گیانیان بەخت کردووە.

هاورێیان !

ڕێورەسمی ئەوسالی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە کاتێك دا بەریوە دەبەین، کە هاورێیەکی ئازیزمان، پێشمەرگەیەکی دێرینی کۆمەڵە، ڕێبەرێکی نەسرەوتومان کاکە فەرهاد شەعبانی بەداخەوە لە گەل نەخۆشی شێرپەنجە دەست و پەنجە نەرم دەکات. ڕێگام بدەن قسەکانم بە ناوی فەرهاد شەعبانیەوە دەست پێ بکەم و لە لایەن هەموومانەوە پەیامی ڕێز و خۆشەویستی بۆ بنێرین و پێیی بلێین فەرهاد گیان شانازی بە هاورێیەتیت دەکەین. دیارە نەخۆشینەکەی کاك فەرهاد سەختە ، بەلام هەرچی لە ئیرادەی پۆلاینی فەرهاد بەرانبەر بەم نەخۆشیە نگریسە بلێم کەمم ووتوە. تەنانەت پزیشکانی موعالیجیشی ستایشی خۆراگری و ورەی بەرزی فەرهاد دەکەن. لە گەل هەموو ئازارێکیش کە جەستەی داگرتۆە، ئەوەی بەردەوام مەشغەلەی بۆە و مەشغەلەیەتی هاورێیانیەتی، ئامانج و ئاواتەکانیەتی کە هەرگیز لە وەدی هاتنیان بێ هومێد نەبۆە. ئەوە کە بەردەوام پەیامی هاندەرانەمان بۆ دەنێرێ. هەرئەمرۆش لە ڕێگەی دورەوە لەم مەراسیمە بەشدارە و بە دەنگی خۆی پەیامی بۆ ناردوین. ماوەیەك لەوە پێش کە سەردانیم کرد بە منی ووت: بزانە من ژیانم خۆش دەوێ، من عاشقی ژیانم، بەڵام تکایە دڵخۆشیم مەدەوە و باوەرم پێ بکە لە مەرگ ناترسم. لە پێشمەرگایەتی دا، دەیان جار لە یەك قەدمی مەرگ گەراومەتەوە و هەرگیز دڵم نەلەرزیوە. وە من باوەری پێدەکەم.

فەرهاد بە مانای واقعی ووشە ماندوویی نەناسە. هەموتان لە گەل کارنامەی خەباتی ئاشنان یەك بوار و دوو بوار نییە. هەموو هاورێیانی نزیکی دەزانن کە فەرهاد لەو کەسە دەگمەنانەیە کە لە گەل ئەوەی سەری دەنێتە سەر سنیر، بێ سێ و دوو خەوی پیادەکەوێ. هۆکارەکەی تایبەتمەندی فیزیکی جەستەی نییە، ئەو بە درێژایی ئەو کاتانەی کە بەخەبەرە بە جەستە و بە مێشك راوەستانی بۆ نییە. شەکەتی ناناسێ، بەلام تەبیعەتی جەستەی ماندوو دەبێ و ناچاری دەکات سەر بنێتەوە.

ئەورۆژانە لە سەر تەختی بیمارستان وەلامی بەدیان هاورێی دەداتەوە، هۆشی بە روحیە و هەستی خانەوادەکەیەوە هەیە. دلداری ئەشکان و فوئاد و ئارام، کورەکانی و زارای هاوسەری دە داتەوە.

درێژەی ل٢

# پەیامەی هاوڕێ فەرهـاد لە مەراسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە جۆزەردانی ١٤٠٠




هاوڕێ فەرهاد ٢٤ کاتژمێر پێش گیان لە دەست دانی بە شێوەی ئانلاین لە ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە مقەڕی ناوەندی بەشدار بوو، ئەو پەیامەی بە دەنگی خۆی پێشکەش بە مەڕاسمەکە کرد.

هاوڕێیانی قارەمان و خۆشەویستی پێشمەرگە، هاوڕێیان و هاسەنگەرانی دێرینم، جەماوەری ئازادی خواز و خۆراگر لە کوردستان بەخێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی گیان لەدەستدانی یەکەمین پێشمەرگەی قارەمانی کۆمەڵە هاوڕێ خانەی موعینی، بەڕێزان ئەگەرچی ئەمڕۆژە وەکوو ڕۆژی گیان لەدەستدانی هاوڕێ خۆشەویست هاوڕێ خانە ناو نراوە بەڵام لەم ڕۆژەدا ڕێز لە یاد و بیرەوەریەکانی هەموو پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە دەگیرێت کە لە ڕێگای ئارمان و ئامانجەکانی کۆمەڵەدا گیانی ئازیزیان بەخت کردووە. هاوڕێیانی قارەمانی پێشمەرگە، ئەندامانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، جەماوەری خەڵکی قارەمانی کوردستان، ئەگەر ئێستا و هەزاران جاری تریش لێم بپرسن گەورەترین شانازی ژیانت کامەیە وڵام ئەدەمەوە وە ئەڵێم ٤٢ ساڵ پێشمەرگایەتی کۆمەڵە و چەکی پڕ لە شانازی کۆمەڵە لە شان کردن. لەوە پڕ لە شانازی تر بۆ من ئەوەیکە هاوڕێیانم ئەم فەخر و شانازیەیان بە من بەخشیوە و ئەمساڵیان بە ناو منەوە دیاری کردووە. وە ئەمە گەورەترین ئیفتخار و شانازیی و دیاری ژیانمە. لەم بابەتەوە جارێکی دیکە سەری ڕێز و سپاس بۆ هەموو ئێوەی ئازیز و خۆشەویست دادەنەوێنم. ئەمە گەورەترین ئیفتخار و شانازی کە ئێوەی ئازیز و خۆشەویست بە هاوڕێیەك و هاوسەنگەرێکی خۆتان بەخشیوە. هاوڕێیانی ئازیز و خۆشەویست هەڵگرتنی چەکی پڕ لە شانازی کۆمەڵە یەکەمین شانازی ژیانی فەرهادی شەعبانیە. داوای لێبوردن ئەکەم کە لەمە زیاتر و پوڕ تەوان تر نەمتوانی من لەم ڕۆژەدا وەك جارەکەی جاران لێکدانەوەی هەلومەرجی ئێستای ئێران و کوردستان بکەم و ئەو لێکدانەوە بە ڕێنوێنیەکانی موتەئەستر لە ستراتیژی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و سیاسەتە کەڵانەکانی کۆمەڵە بخەمە بەر چاوی ئێوە، بەڵام هەر ئەوە بەس کە بڵێم کە بژی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بژی کۆمەڵە و بژی سوسیالیزم، بژین ئێوەی ئازیز و خۆشەویستم.






## سۆزێک بۆ ئازیزێک !

نووسین :حەسەن ڕەحمان پەناە

سۆزێک بۆ ئازیزێک !
تۆ نامری ئازیزەکەم ، چاوەکانم ، فەرهادەکەم
تۆ کۆهکەنی و بیستوونی هیوامانت لە کۆڵ نابوو
تۆ دەنگی دلێری هەژاران و مافخوراوانی ئەم جیهانەی
تۆ دەنگی شمشاڵی هەست بزوێنی کرێکاری هوشیاری
تۆ قاسپەی کەوی سەر گاشە بەردی ئەم وڵاتی بە ئاگر و ئاسن کێڵدراوەی
تۆ خرۆشی ڕاپەرینی لە خوێن شڵاڵکراوی پەنجاوحەوتی
تۆ، توولە نەمامێکی باڵاکردووی ئەو ڕاپەڕینەی
تۆ ڕابەر و مامۆستای ئێستای
تۆ پێشمەرگە و پارێزەری بنکەکانی سنەی خوێناوەی
تۆ پشتیوانی یەکیەتی جووتیاران و جەمعیەتەکانی
تۆ شاگردی ئەمەکناسی فۆاد و سەدیق و جەعفەر و خانەی لە سەر دڵانی
تۆ خۆت ڕابەری و فێرگەی وانەکانی
تۆ پێشمەرگەی چەک لە شانی بە پانتایی ئەم وڵاتی پڕ لە ژان و ئازارەی،
تۆ قاسپەی ئەو چەکەی، کە لە ڕۆژی سەخڵەتا بە سەر دوژمندا دەبارێنی
تۆ پێشمەرگەی ، کۆڵنەدەری ، مێژوو شاهێدیت بۆ دەدات
لە ئاسمانی بێ ئەستێرەی ، ئەم وڵاتە ڕەش پۆشەدا
تۆ ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە بوویت
تۆ کۆمەڵەی، دەنگی حەقخوازی خەڵکی چەوساوەی
تۆ دەنگی کپ نەکراوەی ژنانی ژێر پەچە و حیجابی زۆرەملەی
تۆ دەنگی دلێری دایکانی جەرگ سووتاوی
کە جلوبەرگی خوێناوی ڕۆڵەکانیان کفنی دوا مەنزڵگایانبوو
تۆ ناڵەی کۆڵبەری بە گولە پێکراوەی دەستی داگیرکەری
تۆ دەنگی شۆرش و هیوای گەشی دوارۆژمان بوویت
تۆ دەم بەبزە، لێو بە پێکەنین و بێ گرێ و گۆڵ بوویت
تۆ ساف و سادە و دڵپاک
وەک هەژارانی ئەم وڵاتە بوویت
تۆ دەنگی دلێری مافخوازی و
نرکەی شیرانەی دژ بە بێعەداڵەتی بوویت
تۆ مرەکەبی ئەو قەڵەمانەی
کە مێژوو وەک خۆی ، سوور سوور دەنووسنەوە
هاوڕێم ، ئازیزەکەم ، فەرهادەکەم ، براگەورەکەم
ڕەنجت زۆردا ، زۆر ماندوو بوویت و ماندوو کرایت و
ئومیدت زۆر لە دڵدا بوو
کار و ئەرکمان زۆر مابوو
کاتی ئەم کۆچە ناوادە و بە پەلە نەبوو
ڕێگامان سەخت و دوژمن کەڵپەی لێ تیژ کردوین و
بە مەرگت شایلۆغانیەتی
ئارام بنوو ، ئازیزم ، هاوڕێم ، باوکی " ئارام" کەم
ئەم ڕێگا دوورودرێژە، قارمان و سوارچاکی زۆری پێدا تێپەریوە
تۆ لە باشترین سوراچاکەکانی ڕێگای ڕزگاری مرۆفایەتی بوویت
ناوت بە سەر سەری مێژووەوە دەدروشێتەوە
لە ڕۆژی مەرگەی "خانە"ی سوورپۆشدا
یادی سوورپۆشی تۆیش دەکەینەوە
یادت بەخێر، یادت دەکەین
٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٠ هەتاوی
ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە




## دڵۆپێک فرمێسک لەیادی هاوڕێم فەرهاد شەعبانی

**هاوڕێیانی قارەمان و خۆشەویستی پێشمەرگە**

**ئەگەر ئێستا و هەزاران جاری تریش لێم بپرسن گەورەترین شانازی ژیانت کامەیە وڵام ئەدەمەوە وە ئەڵێم ۴۲ ساڵ پێشمەرگایەتی کۆمـــــــەڵە و چەکی پڕ لە شانازی کۆمـــەڵـە لە شان کردن.**

**فەرهـــــــــاد**



نووسین : ئەحمەد بازگر

بارانە خەم ئەم بەهارە
دەستی لە دەست جەلادی من
بە خوڕ دادەکاو دەچێتە
نێو دەروونی ناشادی من
لۆمەم مەکەن کە تەزیوم
بە مەرگێکی بێ وادی من
سکاڵای خۆم بۆ کوێ ببەم؟
کێ دەبیستێ فەریادی من؟
یادگارەکەی سنەی سوورم
ڕوو خۆشەکەی دڵشادی من
یەخسیرەکەی دەستی غەدر
پێشمەرگەکەی ئازادی من
خۆشەویستەکەی کۆڵبەران
لەگەڵ ئەوین هاوزادی من
ئازیزە نێوت لە دڵما
دووانە جوانەکەی یادی من
وتت لەسەر پنجی ئەوین
هەڵچندراوە بونیادی من
بڵێن بە فەرهادی کۆەکەن
فەرهادترە فەرهادی من



پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٧-نیوەی یەکەمی پووشپەڕ ١٤٠٠-جوولای ٢٠٢١

# نیشتەجێ بوون لە هەر شوێنێکی جیهان کە مرۆڤ خوازیاری بێت، مافێکی جیهانییە



به پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرییەکان ڕۆژی دووشەممە ١٢ی مانگی پووشپەڕ لانیکەم ٤٣ پەنابەر کە ویستبوویان لە لیبییەوە و بە تێپەڕبوون لە دەریای مەدیتەرانە خۆیان بگەیەننە ئیتالیا، بەهۆی وەرگەڕانی بەلەمەکەیان لە ئاوەکانی نزیك توونێس نوقم بوون. شایەدحاڵان وتوویانە کە بەلەمی بادیی ئەم پەناخوازانە کە بە زەحمەت جێگای ٥٠ کەسی دەبۆوە، ١٢٧ کەسی سوار کرابوو. دەوڵەتی توونێس ڕایگەیاندووە کە هێزە دەریاییەکانی ئەم وڵاتە ٨٤ کەسیان ڕزگار کردووە. لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا شایەدی چەندین ڕووداوی لەمجۆرە بووین و تەنیا لەمساڵدا ژمارەی قوربانییان لانیکەم ٦٣٢ کەس بووە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، سەدان هەزار کەس بۆ ڕاکردن لە هەژاری و نائەمنی و دیکتاتۆری و سەرکوت لە وڵاتەکەیان، بۆ گەیشتن بە ئۆرووپا لە ڕێگەی مەدیتەرانەوە، گیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان خستووەتە مەترسییەوە.

لەم دوایانەدا کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێکی دڵتەزێنی لە هۆکاری چوونەسەرەوەی ئاماری نوقم بووان لە مەدیتەرانە بڵاوکردووەتەوە. ئەم ڕاپۆرتە بەڕواڵەت لەگەڵ بایکۆتی هەواڵنێریی دەوڵەتانی یەکیەتیی ئۆرووپا بەرەوڕوو بۆوە و ڕەنگدانەوەیەکی بەرینی نەبوو. لەم ڕاپۆرتەدا لەژێرناوی "بایەخ نەدانی کوشندە" هاتووە کە:

"نەپاراستنی پەنابەران لە بەرامبەر شەپۆلەکانی دەریا بەهیچ شێوەیەك بە هەڵکەوت نییە، بەڵکوو ئەم بارودۆخە لە ئاکامی بڕیاری دیاریکراوی سیاسی و هاوئاهەنگی نێوان لیبی، وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئۆرووپا، ناوەندە دەوڵەتییەکان و کەسایەتییە دەست ڕۆیشتووەکانی دیکە پێکهاتووە. هێزە دەریاییەکانی وڵاتانی یەکیەتیی ئۆرووپا، داوای یارمەتیی بەلەمی پەنابەران وڵام نادەنەوە و لە کەسانی یارمەتیدەر کە بە نیازبوون کۆچبەران ڕزگار بکەن، ڕێگرییان کردووە."

لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە یەکیەتیی ئۆرووپا نە تەنیا بەرنامەی ڕەسمیی ئۆپراسیۆنی گەڕان و ڕزگار کردنی ڕاگرت، بەڵکوو هێندێك لە وڵاتانی ئەندام، لە هەوڵی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بۆ ڕزگارکردنی کۆچبەرانێك کە لە مەترسیدابوون، ڕێگرییان کرد. ئەوان کەشتیی ئەم یارمەتیدەرانەیان ڕاگرت و ئەوانیان خستە ژێر بەدواداچوونی یاساییەوە. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە زۆرجار دیتراوە کە هێلیکۆپتێرەکانی یەکیەتیی ئۆرووپا بەسەر سەری بەلەمی پەناخوازاندا سووڕاونەتەوە و هەوڵیان داوە بۆ لێوارئاوەکانی لیبی بیانگەڕێننەوە. هاوکات بەلەمەکانی گەشت لێدانی لیبییش بەرەو پەناخوازان تەقە دەکەن. بەمجۆرە بارودۆخێك دەخوڵقێ کە ئەم ڕاپۆرتە ناوی ناوە: "تراژێدیی مرۆیی لە پانتاییەکی بەریندا". "میشێل باچلە"، کۆمیساری باڵای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ کە تراژێدیی واقعی ئەوەیە کە لە زۆر حاڵەتدا دەکرێ لە مەرگ لەناو دەریای مەدیتەرانەدا ڕێگری بکرێت، بەڵام بەئانقەست ئەم کارە ئەنجام نادرێت و لەبەرچاوی مەئموورەکان، ئەو ئینسانانەی کە پێویستیان بە یارمەتییە، نوقم دەبن.

یەکیەتیی ئۆرووپا بۆ ڕێگری لە هاتنی پەنابەران گەڵێك "ڕێگاچارە"ی گرتووەبەر کە یەك لە یەك دژە مرۆییترن.

یەکەم، گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوون. پتر لە ٩٠ لەسەدی پەنابەران لە ناوچە شەڕلێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاوە دێن. ئەوان لە وڵاتی خۆشیان هەم ئاوارە و هەم بێ سەرپەنا بوون. گەڕاندنەوەی ئەو پەنابەرانە بە مانای ناردنەوەیان بەرەو ئامێزی مەرگە. ئایا وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و لەوانە دەوڵەتانی ئۆرووپایی، بەڕاستی دەتوانن حاشا لە بەرپرسایەتیی خۆیان بە نیسبەت هەڵگیرساندنی شەڕی ڕاستەوخۆ و یان نیابەتی، لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان، لەوانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، بکەن؟ داگیرکەرانی ئۆرووپایی تا توانییان سەروەتە سرووشتییەکانی ئەفریقایان تاڵان کرد و کاتێکیش لەوێ ڕۆیشتن، لە پاش خۆیان، بەدەیان ئازاری بەژانی کۆمەڵایەتی و ناکۆکیی تایفی و قەبیلەیی و ئایینیان بەجێ هێشت. تا توانییان لە ڕێگەی چەوساندنەوەی هێزی کاری هەرزانی ئەوان، لە وڵاتانی ئۆرووپایی سەرمایەیان کەڵەکە کرد، بەڵام دەوڵەتانی ئەمڕۆیان، کە لەژێر سێبەری سەروەت و دەسەڵاتی داگیرکەرانی پێشوودا، پاڵیان داوەتەوە، لە پێناو ئەو بارودۆخە فەلاکەتبارەی کە بەسەر ژیانی ئەم خەڵکەیان دا سەپاندووە، هیچ بەرپرسایەتییەك ناگرنە ئەستۆ. ئەوەش لە حاڵێکدا کە ئێستاش بەردەوام سەروەتی خەڵکی ئەم قارەیە بەرەو ئۆرووپا بەڕێوەیە.

دووهەم، توندکردنەوەی سیاسەتی دژەپەنابەری لە وڵاتانی ئۆرووپایی. لە ڕاستیدا پەسندکردنی پەیتا پەیتای یاسای دژەپەنابەری لە ئۆرووپا تەنیا بەرۆکی پەنابەران ناگرێت. ئەم یاسایانە و ئەم سیاسەتانە لە هەمان حاڵدا ئەم وڵاتانە لە بواری ئەخلاقیشەوە بەرەو دواوە دەبات. ئەم هەڵوێستگیرییە ڕێگا بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی حیزبی دەستی ڕاستیتر خۆش دەکات. بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم حیزبانەش بە مانای ئەوەیە کە لە هەنگاوەکانی دواتردا هێرش دەکرێتە سەر هەموو دەستکەوتێکی پێشڕەو و ئینسانی لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە لە ماوەی ساڵەها خەباتی چینی کرێکار بەسەر دەوڵەتەکاندا سەپاوە. دەوڵەتانی ئۆرووپایی ئەگەر لە بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتانەدا سەرکەوتوو بن، مرۆڤایەتی لە خودی ئەم وڵاتانەش دەکەنە قوربانی.

سێهەم، بەستنی سنوورەکان و سنووردارکردنی ئۆپراسیۆنی ڕزگار کردنی دەریایی بەو دەلیلە کە گۆیا ئەم خزمەتگوزارییانە دەبێتە هاندەری کۆچبەرانی تازە. هەروەك لە ڕاپۆرتی کۆمیساریای باڵای پەنابەرانیشدا هاتووە، یەکیەتیی ئۆرووپا بە پێی قەرارێکی پەسندکراو و ڕەسمی بڕیاری داوە کە ئۆپراسیۆنی ڕزگار کردنی پەنابەران سنووردار بکات. دژەمرۆیی بوون و جەنایەتکارانە بوونی ئەم بۆچوون و سیاسەتە، گومان هەڵنەگرە. ناوە دەریایی و ئاسمانییەکانی ئۆرووپای تەیار بە پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژیی ئەم سەردەمە، دەتوانن بست بە بستی دەریای مەدیتەرانە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوان دەتوانن هەموو بەلەمێك لە شوێنی وەڕێکەوتنیەوە تا گەیشتن بە شوێنی مەبەست، بەووردی چاوەدێری بکەن و بەر لەوەیکە نوقم بوون هەڕەشەیان لێبکات، ڕزگاریان بکەن. بەڵام ئەوان ئەم توانایە، بەئەنقەست، بۆ دەرباز کردنی گیانی پەنابەران بەکار ناهێنن. تەنانەت ئەگەر بیانووی یەکجار ناڕەوای ئەوان بۆ سنووردارکردنی ئۆپراسیۆنی ڕزگار کردن بەئامانجی ڕێگری لە چوونی پەنابەران بۆ ئۆرووپا قەبووڵ بکەین، دیسان واقعییەت ئەوەیە کە لەم ڕێگەوە ناکرێ بەر بە شەپۆلی پەنابەرانێك کە لە چنگ مەرگ و هەژاری ڕایانکردووە، بگیرێت. سنووردار کردنی ئۆپراسیۆنی ڕزگار کردن نەتەنیا شەپۆلی کۆچکردنی کەم نەکردووەتەوە بەڵکوو تەنیا چوونەسەرەوەی ڕێژەی بەرچاوی گیان لەدەست دانی کۆچبەران و پەنابەرانی لێکەوتووەتەوە.

پێویستە بە پشت بەستن بە بیروڕای گشتیی پێشڕەو و مرۆڤدۆست و هێزە خەباتکارەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریی، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ناچار بکرێن تا ڕێز لە مافی ئاوارەکان و پەنابەران بگرن. پێویستە خەبات بۆ بەڕەسمی ناسینی مافی نیشتەجێ بوون و دابین کردنی ژیانێکی ئینسانی بۆ هەموو کەس، وەك ئینسانێك بە مافی جیهانییەوە و وەك هاووڵاتییەکی جیهانی و لەوانە بەهرەمەند بوون لە مافی نیشتەجێ بوون لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە کە بیهەوێ، پەرەی پێبدرێ.

***





پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٧-نیوەی یەکەمی پووشپەڕ ١٤٠٠-جوولای ٢٠٢١

# کرێکاران ڕێگای ڕیشەکێش کردنی هەژارییان نیشان داوە



گۆڤاری ناسراوی "فۆربێس" بە تازەیی ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە چوونەسەرەوەی سەرسووڕهێنەری ژمارەی "ملیۆنێرە ئێرانییەکان" بڵاوکردووەتەوە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ژمارەی ملیۆنێرە ئێرانییەکان لە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینیدا گەیشتووەتە ٢٥٠ هەزار کەس و ڕێژەی گەشەی سەروەتیان بۆ پتر لە ٢٤ و ٣ دەهومی لەسەد بەرز بووەتەوە. هەر لەم پێوەندەدا ناوەندی توێژینەوەی "کەپ جێمنای" وێڕای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی جیهانیی سەروەت لە ساڵی ٢٠٢١دا ڕایگەیاند کە جەمعییەتی ملیۆنێرەکانی جیهان لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا ٦ و ٣ دەهۆمی لەسەد و کۆی گشتیی سەروەتەکانیشیان ٧ و ٦ لەسەد زیادی کردووە. ئەم گەشەیە لە ئێران بەدوای یەکدا ٢١ و ٦ دەهۆمی لەسەد و ٢٤ و ٣ دەهۆمی لەسەد بووە و ئەم وڵاتە بە چوونەسەرەوەی سێ پلەیی لە پلەبەندیی جیهانیدا گەیشتووەتە پلەی چواردەهەم. بەمجۆرە ئێران لە گەورەترین ڕەقیبی خۆی واتە عەرەبستانی سعوودی کە بە ٢١٠ هەزار ملیۆنێرەوە لە پلەی حەڤدەهەمی جیهان دایە، وەپێش کەوتووە.

بەڵام با بزانین ئەم سەروەتە باهاوردەیە لە بەرامبەر چ ڕادەیەك لە داسەپاندنی هەژاری بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا وەدەست هاتووە؟

سەرۆکی ناوەندی باڵای لێکۆڵینەوەی تەئمینی ئیجتماعی، کە ڕێکخراوێکی دەوڵەتییە، لە سەرەتاکانی مانگی ژۆئەنی ئەمساڵدا ڕایگەیاند کە لە ماوەی دوو ساڵی ٩٦ و ٩٨دا ڕێژەی هێڵی هەژاریی تۆخ گەیشتووەتە ٣٠ لەسەد. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ٣٣ لەسەدی خەڵکی ئێران لە "هەژاریی تۆخ" دان و ٦ لەسەدیشیان لەژێر هێڵی برسییەتیدا بەسەر دەبەن. هەڵبەت دەشزانین کە وەك ڕەواڵێك لە ئێران ئەمجۆرە ئامارانە لەپێناو شاردنەوەی گشت واقعییەتەکە دەستکاری دەکرێن.

هەژاریی تۆخ بە بارودۆخێك دەوترێ کە تێیدا ئیمکاناتی ماددی کەس یان بنەماڵەیەك، بەشی دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان نەکات. دەستڕاگەیشتن بە خۆراك، ئاوی خواردنەوەی سالم، سەرپەنای گونجاو، فێرکاریی سەرەتایی و خزمەتگوزاریی تەندرووستیی پێویست، لە زومرەی ئەم پێداویستییە سەرەتاییانەن. بە پێی لێکۆڵینەوەی کارناسان ٦٠ تا ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێران لە هەژاریی نیسبی دا بەسەر دەبەن. ئەم قوربانییانەی هەژاریی، قوربانییانی سەرەکیی ڤیرووسی کۆرۆناش بوون. ڕۆژنامەی هەمشەهریی چاپی تاران بە پێی "ڕێژەی فەلاکەت"، تەوەری هەژاریی هەڵسەنگاندووە. "ڕێژەی فەلاکەت" بە کۆی ڕێژەی بێکاری و تەوەرۆم دەوترێ. ئەم ڕۆژنامەیە دەنووسێ کە لە کۆتایی ساڵی ٩٩دا "ڕێژەی فەلاکەت"، لە ئێران باڵاترین ئاستی لە دەیەی ٩٠دا تۆمار کردووە. ڕاپۆرتی ئەم ڕۆژنامەیە لە مانگی گوڵانی ساڵی ڕابردووشدا نیشان دەدات کە دوو پارێزگای سنووریی کرماشان و کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٩٩دا لە بواری ڕێژەی فەلاکەت باڵانشین بوون و کۆی ڕێژەی تەوەرۆم و ڕێژەی بێکاری لەم دوو پارێزگایەی ڕۆژئاوای ئێران، گەیشتووەتە سەرووی ٥٨ لەسەد. پاشان پارێزگاکانی هۆرمۆزگان، چوارمەحاڵ و بەختیاری، خوراسانی شومالی و لۆرستان بەدوای یەکدا باڵاترین پلەیان تۆمار کردووە و ڕێژەی فەلاکەتیان سەرووی ٥٠ لەسەد ڕاگەیەندراوە.

لە وەها بارودۆخێك دایە کە خاوەنانی دەسەڵات، ڕانتخۆران، دزان و تاڵانکەران، پووڵیان پاروو کردووە و ڕێکۆردێکی نوێیان لە چەوساندنەوە و تاڵانکردن لە ئاستی جیهانی دا بەدەست هێناوە. ئەم سەروەتە یەکجار زۆرە، بەر لە هەموو شتێك لە ڕێگەی نەدانی حەقدەستی گونجاو بە ملیۆنان کرێکاری ژن و پیاوی ئێران بەدەست هاتووە. ئەم ملیۆنێرانە بە پێی یاسای کار قەرارە حەقدەستی دوو ملیۆن و ٦٥٥ هەزار تمەنی لە مانگدا بە کرێکاران بدەن، لە حاڵێکدا کە هێڵی هەژاری ١٢ ملیۆن تمەنە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئیدیعا و تەبلیغاتی درۆیینەیان سەبارەت بە سڕینەوەی هەژاری، بەرنامەیەکیان بۆی نییە و ناشتوانن بیانبێت. ئەوان خۆیان هۆکاری خوڵقان و مانەوەی ئەو هەژارییە بێسنوورەن کە بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندوویانە. ڕێگای ڕاستەقینەی لەناوبردنی هەژاری بۆ نموونە کرێکارانی مانگرتووی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی و جەماوەری ناڕازی، کە بەنیازن بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن، نیشانیان داوە.

کرێکارانی پێشڕەو و هێزەکانی ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤایەتی، دامەزراندنی سۆسیالیسم لەسەر وێرانەکانی نیزامی سەرمایەداری، بە تەنیا ڕێگای ڕیشەکێش کردنی هەژاری و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تێروتەسەل، ئازاد و بەدوور لە چەوسانەوە دەزانن. بەڵام دامەزراندنی سۆسیالیسم، کە لە ڕێگەی خەباتی ڕێکخراوی چینی کرێکارەوە وەدی دێت، لە کاناڵی پرۆسەگەلێکەوە بەرەوپێش دەڕوات کە کرێکارانی خەباتکار لە ماوەی پتر لە یەك سەدەدا لە ڕێگەی هەوڵ بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ژیان و کەرامەت و ئازادیی خۆیان نیشانیان داوە. ئێمە لە ئێرانیش شایەدی ئەمجۆرە خەباتانە بووین کە لە ئێستادا لە خەبات و مانگرتنی کرێکارانی نەوت، گاز و پێترۆشیمیدا خۆی نیشان داوە.

هەنگاوی یەکەمی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەژاری و کەم کردنەوەی سەروەتی ئەفسانەیی ملیۆنێرە ئێرانییەکان، وەدیهاتنی داخوازیی کرێکارانە. خەبات و مانگرتنی ئێستای کرێکارانی نەوت و پێترۆشیمی و وزەخانەکان، بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەست بوونی بەردەوامی ناوەندە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدار بە سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی و چوونەسەرەوەی بەردەوامی ژمارەی پشتیوانانی کرێکارانی مانگرتوو لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، دەتوانێ دەوڵەت و خاوەنکاران بەچۆك دابێنێت و هەنگاوێك بێت لەپێناو ڕیشەکێش کردنی هەژاری و بڕینی سەرچاوەی داهاتی ملیۆنێرەکان.

***

پێشـــڕەو

ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـەڵە
(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیدیتۆر:
ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
Add: Sulimania_Zrguez
Tel:
009647701567854
009647710259353
E-mail:
Peshraw@komalah.org
Web:
http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail:
cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە
لە کوردستانی عێراق
Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە
لە دەرەوەی وڵات
Tel/Fax: +46-18-46 84 93
E-mail:
komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی
کۆمەڵە
Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8
Web:
http://www.tvkomala.com/

ڕادیوکان:
بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاه ست بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

# ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە توند کردنەوەی ئاسەوارەکانی وشکەساڵی لە ئێران

وشکەساڵیی بەرینی چەند ساڵی ڕابردوو لە پەنا کێوێك لە کێشەکانی دیکە، کاریگەریی ماڵوێرانکەری لەسەر ژیانی زۆربەی دانیشتووانی ئێران داناوە. بە پێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی کەشناسیی ئێران، ئاستی بارین لەمساڵدا ٦٠ لەسەد کەمتر لە ئاستی نۆرماڵ بووە. ئاورگرتنی دارستان و لەوەڕگەکان، وشك بوونی ڕووبار و تالاوەکان و بەشوێنیدا زۆربوونی تەپوتۆز بەهۆی وشکەساڵی، داهاتووی ژینگەی ئێرانی خستووەتە بەردەم مەترسیی جیدییەوە. هەتا ئێستا ٣٠ هەزار گوند چۆڵ کراون. کارناسان نووسیویانە کە ئەگەر بارووددۆخەکە هەر بەم شێوەیە بڕواتە پێش، ئۆستانی سیستان و بەلووچستان لە داهاتوویەکی نزیکدا چۆڵ دەکرێت.

ڕۆژنامەکانی خودی ڕژیم دانیان بەوە داناوە کە ١٠٤ شار لە فەلاتی ناوەندی و ٩٣ شار لە چوارچێوەی ئاوڕێژی کەنداوی فارس و دەریای عۆمان دان کە لەگەڵ وشکەساڵی، کەم ئاوی و ئاکامەکانی بەرەوڕوون.

ئەگەرچی وشکەساڵی دیاردە و بەڵایەکی سرووشتییە، بەڵام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا، لە کێشەیەکی چارەهەڵگرەوە کردوویەتە کارەستاتێکی کۆمەڵایەتی. کارگێڕانی ڕژیم بۆ کەمبوونی ئاو لە چەند ساڵی ڕابردوودا، دوو دەلیل دێننەوە:

یەکەم، کەمبوونەوەی ئاستی بارین و دووهەم بەکارهێنانی زۆری ئاو بۆ کاری کەشاوەرزی. هەڵبەت هەر دووکیان واقعین، بەڵام تەنیا بەشێك لە واقعییەتەکەن. ئەوان گرینگرین هۆکاری کەمبوونی ئاو واتە گەندەڵیی ڕیشەداری ناو ئۆرگانەکانی ڕژیمیان لە قەڵەم خستووە.

سەبارەت بە دەلیلی یەکەم پێویستە ئەو پرسیارە بکرێت کە چ کەسانێك بە نەزانم کاری و قازانج پەرستی، بوونەتە هۆی ئەوەیکە کەمبوونی بارین، بەمجۆرە وڵاتی ئێران لەگەڵ مەترسیی کەم ئاوی بەرەوڕوو بکاتەوە؟ با سەرنج بدەینە دوو نموونە لە کاریگەرییەکانی هۆکاری مرۆیی لەسەر کەمبوونی ئاو:

یەکێك لە هۆکارەکان هەڵێنجانی لەڕادەبەدەری ئاوەکانی ژێرعەرزە کە تەنانەت بە بارینیش قەرەبوو نەکراوەتەوە. بە پێی ئامارەکانی دەوڵەت، نزیك بە یەك ملیۆن چاڵاو لە ئێراندا بوونی هەیە کە ٧٥٨ هەزاریان لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەڵکەندراون. لەو نێوەدا ٢٠٠ هەزار چاڵاو بە بێ بەڵگە و جەوازن و زۆربەیان بۆ ویلا و باغ و سەیرانگەی کەسیی دەوڵەمەند و سەرمایەداران لێدراون. تەنیا لە ساڵی ١٣٨٩دا دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدی نەژاد بە دانی گەلاڵەیەك بە مەجلیس، بۆ دەیان هەزار چاڵاوی ڕێگەپێنەدراو، جەوازی دەرکردووە. بەدەر لە گەندەڵیی ڕیشەداری ناو نیزامی کۆماری ئیسلامی، ئەم سیاسەتە تەنانەت لە خزمەت گەشەی درێژماوەی کەشاوەرزیشدا نەبووە. لەبەر ئەوەیکە کارگێڕانی ڕژیم باوەڕیان بە سیاسەتی "گەشەی پایەدار" نییە و ئەگەر بە شێوەی کاتیی و کورت بینانە ئاستی بەرهەمهێنانی کەشاوەرزییان بردووەتە سەرێ، لە ئێستادا شایەدی وشکەساڵی، چۆڵ کردنی گوندەکان و کەمبوونەوەی بەرچاوی بەرهەمە کشت و کاڵییەکانین. کارناسان ڕۆڵی ئەم چاڵاوانە لە هێنانەخوارەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەمینیی دەشتەکانی ئێران یەکجار چارەنووس ساز لەقەڵەم دەدەن. هەروەها ڕێژەی ئاوی پێویست بۆ کشت و کاڵ، کە لە ئێران زۆربەی بەشێوەی سوننەتی و نازانستییانەیە، یەکجار لە ئاستی ستانداردەکانی ئەمڕۆ زیاترە و ئاوداشتن بەجۆرێك ئەنجام دەدرێت کە بە قەولی شارەزایان دوو سێهەمی ئاوەکە بەفیرۆ دەچێت. ئەوەش لە حاڵێك دایە کە بە پێی ڕێکەوتنی "ریۆ"ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٢، وڵاتەکان مافی ئەوەیان هەیە کە تەنیا ٤٠ لەسەدی سەرچاوەکانی ئاوی قەرەبووکراوە بەکار بێنن، بەڵام لە ئێران ساڵەهایە کە پتر لە ١٠٠ لەسەدی سەرچاوەکانی ئاو کەڵکی لێوەردەگیرێت.

هۆکارێکی مرۆیی دیکە لەم بوارەدا سازکردنی بەنداوی کارناسی نەکراوە لە ئێران. تا بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی کەمتر لە ٣٠ بەنداو لە ئێراندا دروست کرابوو. بەڵام لە ئێستادا، لە ٦٤٧ بەنداوی چکۆلە و گەورە لە ئێران کەڵك وەردەگیرێت و ٦٨٣ بەنداوی دیکەش لە قۆناغی بەڕێوەبردن یان لێکۆڵینەوە دان. لە سازکردنی ئەم بەنداوانەدا، زەویناسیی شوێنەکان و ڕێگری لە بەهەڵم بوونی ئاو لەبەرامبەر تیشکی بەتینی خۆر لە ناوچە نیوە وشکەکانی ئێران لەبەرچاو نەگیرا. بە چاوخشاندنێك بەسەر نەخشەی بەنداوەکانی ئێران دەردەکەوێ کە لە دروست کردنی زۆرێك لەو بەنداوانەدا، کۆنترۆڵ کردنی ئاوە ڕەوانەکان و بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوەکانی ئاو، لە دەستووری کاردا نەبووە. کەسانێك کە لە نزیکەوە لەگەڵ سپا و قەرارگای خاتەم ئاشنان، دانیان بەوە داناوە کە ئەگەرچی بەنداوەکان بۆ زۆربەی خەڵك و بۆ ژینگە زەرەر و زیانیان بووە، بەڵام بۆ فەرماندە باڵاکانی سپا گرینگ و بەنرخ بوون. لەبەر ئەوەیکە ساز کردنی بەنداوەکان بۆ ئەوان داهاتێکی یەکجار زۆری بووە و هیچ کەس یان ئۆرگانێکیش نەبووە کە لێپرسینەوە لە حیسابیان بکات. بەنداوی "گۆتوەند" کە لە لایەن سپای پاسدارانەوە ساز کراوە، لە نموونە بەرچاوەکانە.

لە پڕۆژەی سازکردنی ئەم بەنداوەدا، بوونی ئەو کێوانەی کە خوێیان تێدایە لە دەوروبەری ئاوگیری بەنداوەکە، لەبەرچاو نەگیران. هەربۆیە پاش ئاوگیری، کێوەکانی خوێ کەوتنە ژێر ئاو. بەمجۆرە بوو کە ١٧ ملیۆن تۆن خوێ چووە ناو بەنداوەکە و گشت زەوییەکانی پشت بەنداوەکە بوون بە شۆرەکات.

کارەساتی وێران کردنی ژینگە لە ئێران، بەخاتری سیاسەتە وێرانکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی بووەتە قەیرانێکی جیدی و مەترسیدار بۆ وڵاتی ئێران. سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە هەڵسووکەوتی توندی ئەمنییەتی لەگەڵ چالاکانی ژینگەپارێز نیشانیان داوە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە مەسەلەی سەرەکی کپ کردنی دەنگی نارەزایەتیی چالاکانی ژینگەپارێزە لە کۆمەڵگادا، تا بەمجۆرە بتوانن بە وێران کردنی بێدەنگی ژینگە، درێژە بە سیاسەتی قیزەون و قازانج پەرەستانەیان بدەن. ئەم دەسەڵاتە کە گیان و ژیانی ئەمڕۆ و سبەینێی ئەم کۆمەڵگایە بەلایەوە گرینگ نییە، ناتوانێ هیچ بەرنامەیەکی ڕوون و درێژماوەی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەکانی وەك وشکەساڵی و داواهاتەکانی هەبێت. شوێنی پێی هۆکاری مرۆیی لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە هەموو بەڵا سرووشتییەکانی وەك وشکەساڵی، لافاو، بوومەلەرزە و نەخۆشییە گیرۆکاندا دیارە. هەربۆیە مەرجی ڕزگاری لە دواهات و موسیبەتی ئەم بەڵایانەش، ڕزگار بوونی یەکجاری لە دەست ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە.

***

# سەرکەوتن لە بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان، سەرەتایەک بۆ سەرکەوتنی گەورەتر

شانۆیەك کە لەژێرناوی هەڵبژاردنەکان لە لایەن ڕژیمەوە ڕێکخرابوو، ڕۆژی هەینی کۆتایی پێهات. هەروەك پێشبینی دەکرا، کۆماری ئیسلامی یەکێك لە بێ ڕەونەقترین شانۆکانی هەڵبژاردنی گشت تەمەنی ٤٢ ساڵەی خۆی تەجروبە کرد. بە پێی ڕاپۆرتە مەیدانییەکان و گەلێك گرتە ویدیۆی بڵاوکراوە، دەوروبەری ناوەندەکانی دەنگدان لە شارە جۆراوجۆرەکان چۆڵ بووە. ئەگەرچی دەزگاکانی درۆنانەوەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەن کە ئەم شکستە ئاشکرایە پەردەپۆشی بکەن، بەڵام پانتایی ئەم بایکۆتە ئەوەندە بەرین و بەرچاوە کە بە ئیدعای بێ ناوەرۆك، ناتوانن ئاوەژوو نیشانی بدەن.

دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران ئەگەرچی هێستاش ئیمکانی بەڕێوەبردنی وەها شانۆگەلێکی هەیە، بەڵام نیگای خەڵك بە ئاڵوگۆڕ لە سەرەوە ئەساسەن گۆڕدراوە و ئەمجۆرە شانۆیانە هیچ کاراییەکی بێجگەلە بەناو هەڵبژاردنی هاوشێوەی ئەوەی کە بۆ نموونە دەسەڵاتەکانی وەك بەشار ئەسەد لە سووریە ئەنجامی دەدەن، نییە. جەماوەری خەڵکی ئێران لە مانگی بەفرانباری ٩٦ بەرەو ئەملا، لە ڕەتی مەشرووعییەتی ڕژیمەوە بە بردنە ژێر پرسیاری دەسەڵاتەکەی گەیشتوون. خەزەڵوەری ٩٨ دیمەنێکی دیکە لە پەلاماری جەماوەر بۆسەر دەسەڵاتی ڕژیم بوو. لە ماوەی دوو ساڵی پاش ئەم ئاخێزە، نارەزایەتیی جەماوەریی کرێکاران و باقیی توێژە نارازییەکانی کۆمەڵگا هەرگیز خامۆش نەبوون. بەشداری نەکردنی زۆربەی خەڵك لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی هەینی، پێویستە لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ببینین. ئەوەیکە ڕۆژی هەینی شایەدی بووین حەرەکەتێکی بانتر لە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بوو و لە چوارچێوەی ڕەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە ڕێگەی کردەوەیەکی سیاسیی هاوئاهەنگ و هێمنانەدا دەگونجێ. سەرکەوتنی بەرەی خەڵك لە جەریانی ئەم حەرەکەتە نارەزایەتییە، توانای نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە مانگەکانی داهاتوودا دەباتە سەرێ.

بەڵام پرۆسەی شکڵ گرتنی ئەم شانۆیە و ئەو شەڕەقسانەی کە لە ماوەی حەوتووەکانی ڕابردوودا ئەنجام دران، بەر لە هەموو شتێك نیشانی دا کە دەزگای دەسەڵاتدار لە ئێران هیچ بەرنامە و ڕێکارێکی دیاریکراوی بۆ ڕۆیشتنەدەرەوە لە بارودۆخی ئێستا و ئەو قەیرانە پشووبڕانەی کە لەگەڵیان بەرەوڕووە، نییە. ئەوەیکە وەك تەنیا بەرنامەی کاریی دەسەڵات لەم شانۆگەرییەدا دەبیندرێ، هەوڵی ئەوان بۆ یەکدەست کردنەوەی دەسەڵات لە سەرەوە بوو. بەڵام ئەوان دواهاتەکانی ئەم بایکۆتە گەورەیان پێشبینی کردووە. ئەوان دەزانن کە حەرەکەتە کۆمەڵایەتییەکان، درەنگ یا زوو پەڕ و باڵ دەردەکەن و هەمووجارێ هەنگاوێك بەرەوپێش هەڵدەگرن. کێشە و مشتومڕی ناوخۆیی لە جەریانی ئامادەکاریی ئەم شانۆیەدا، کە ئەساسەن بەشوێن ستراتیژی "دەرباز کردنی نیزام"ەوە بوون، ئیتر کارایی خۆی لەدەست داوە. وتاری سیاسیی "ئیتر تەواو بوو ماجەرا" لە شەقامەکانەوە سەریهەڵداوە و گۆڕانی نیگای خەڵك بە گشت دەسەڵات نیشان دەدات. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە، نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە دەستڕاگەیشتنی باندەکانی ناوخۆی دەسەڵات بە دەرفەت و ئیمکاناتی ماڵی و ئابووریی فراوان یا بە واتایەکی دیکە کەسب و کار لە سەردەمی گەمارۆ و قەیرانە توندە ئابوورییەکان، مەیلی پێکهەڵپڕژان لەناویاندا هەروا دێڵێتەوە.

قەیران لە سیاسەتی دەرەوە، پاش هەڵبژاردنەکان کە بەئانقەست خرابووە پەراوێزەوە، دیسان دێتەوە گۆڕێ. گومانێك لەوەدا نییە کە ڕژیمی ئیسلامی لە وتووێژەکانی پێوەندیدار بە چارەنووسی بەرجامدا ناچار بە شکست یان هەمان "نەرمشی قارەمانانە" دەبێت، شکستێك کە هەر ئەمڕۆش هەموو ئاسەوارەکانی لە ناوچەکەدا دیارە. بەڵام ئەم شکستە ئیحتمالەن لە ماراتۆنێکی وتووێژدا شوێنی دەگیرێت. وەدواخستنی هەتا ئێستای بەئاکام گەیاندنی وتووێژەکان لەسەر داهاتووی بەرجام لە وییەن، لە لایەن بەرەی ئێرانییەوە، هەوڵ بۆ نیشان دانی پاشەکشە لە بەرامبەر ڕۆژئاوا لەژێرناوی "سەرکەوتن" بە خەڵکی ئێرانە. بەڵام وتووێژەکان بەئاکام بگات یان نەگات، لە بواری سیاسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەو جێگەوە کە دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی بەردەوام پێویستی بە خوڵقاندنی قەیران بووە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە قەیران لە سیاسەتی دەرەوە چ لەم شکڵەدا و چ لە شکڵەکانی دیکەدا هەروا درێژەی بێت. لە بواری ئابووریشەوە ئەگەرچی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان لەوانەیە کرانەوەیەك لە ئابووریی بە بنبەست گەیشتوودا پێکبێنێ، بەڵام لەو جێگەیەوە کە ڕژیم توانای چارەسەر کردنی قەیرانی قووڵی ئابووریی نییە، کێشە و نەهامەتییەکانی ژیانی خەڵك، بێکاری، گرانی و هەژاری هەروا درێژەی دەبێت. بەدەر لەوانە، قەیرانی ژینگە لەو جێگەوە کە دەسەڵاتی ئیسلامی هیچ بەرنامەیەکی بۆی نییە و یەکێك لە ئاسەوار و دواهاتەکانی بۆ نموونە لە مەسەلەی قەیرانی کەم ئاویدا خۆی نیشان دەدات، توندتر دەبێتەوە.

ڕوو وەرگێڕانی بەرینی کۆمەڵایەتی کە لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەدا بەڕوونی خۆی نیشان دا، نارەزایەتی لە پانتاییەکی بەرینتردا لێدەکەوێتەوە. پرۆژەی یەکدەست کردنی دەسەڵات لە سەرەوە تەنیا ڕێکاری ڕژیم بەرامبەر بە وەها بارودۆخێکە. ئەم یەکدەست بوونە بە مانای ئەوەیە کە ڕژیمی ئیسلامی هەر وەك زۆرێك لە دیکتاتۆرییەکانی لە حاڵی مەرگ، بۆ تەنیا ئامرازی دەستی واتە سەرکوت زیاتر پەنا دەبات. کەوابوو لە بەرەی خەڵکدا پێویستە سیاسەت و ڕێکارگەلێك بخرێتە دەستووری کارەوە کە ڕژیم نەتوانێ سیاسەتی سەرکوتی بێسنوور بەڕێوەبەرێت.

بێگومان خەباتی خەڵك دژبە ڕژیم پانتاییەکی بەرینتر بەخۆی دەگرێت و نارەزایەتییەکان زیاتر پەرەدەستێنن. بەرەی نوێ لە خەباتی سیاسی و چینایەتیدا دەکرێتەوە. لە جەرگەی پەرەسەندنی ئەم نارەزایەتییانە دایە کە هەنگاو بە هەنگاو ئالتێرناتیڤی شۆڕشگێڕانە شکڵ دەگرێت. ئەم ڕەوتە قابیلی پێشبینییە لە هەمان حاڵدا ئەرکی هێزە چەپ و ڕادیکاڵەکانیش دیاری دەکات.

***



# وڵامی بەتەوژمی خەڵکی کوردستان بە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕژیم



هەواڵی گەیشتوو لە لایەن هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان باس لەوە دەکات کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بۆ جارێکی دیکە "نا"ی بەتەوژمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی خۆیان بە ڕژیمی ئیسلامی لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی هەینیدا دووپات کردەوە. بە پێی ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان، شانۆیەک کە لەژێرناوی هەڵبژاردنەکاندا وەڕێکەوتبوو لە لایەن زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانەوە بەرەوڕووی بایکۆتی جیدی بووەتەوە. زۆربەی بەرئاوردەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەرخەری ئاستی بەشداریی زۆر کەمی خەڵك لەم شانۆگەرییەدا بوون. بە پێی هەر ئەم ڕاپۆرتە مەیدانییانە لە زۆرێک لە شارەکان تەنانەت زۆربەی کەسانی نۆژکەریش لەم ڕۆژەدا لە ڕۆژیشتن بۆ نوێژی جومعە خۆیان بواردووە تا ئیمکانی وێنە و فیلم گرتن بە دەزگا تەبلیغییەکانی ڕژیم نەدەن. لە نموونەیەکدا ئیمام جومعەی مەریوان داوای لە خەڵك کردووە کە لە مزگەوتی جامعدا حزووریان بێت، لەبەر ئەوەیکە گۆیا هەواڵنێری بیانی هاتووە و بەنیازە ڕاپۆرت و فیلم ئامادە بکات، بەڵام جەماوەری خەڵك داواکەی ئیمام جۆمعەیان بە گاڵتە گردۆ و وڵامیان پێ نەداوەتەوە. شەبەکەی ئۆستانیی تەلەویزیۆنی سنە کە هەواڵی پێوەندیدار بە شانۆی هەڵبژاردنەکانی بڵاو دەکردەوە، بەهۆی بێ ڕەونەقی و داخرانی ناوەندەکان، ڕاپۆرتی درۆیین و دەستکردی قەتع کرد و لە کاتژمێر ١٠ و ٢٠ دەقیقەوە فیلمی سینەمایی بڵاو کردەوە. ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان لە گۆشە و کەناری کرماشان باس لە بایکۆتی بێوێنەی هەڵبژاردنەکان لەم شارە گەورەیە دەکەن. لەم شارە و لە زۆر شوێنی دیکە کڕینی دەنگ لە خەڵك بۆ بەشداری کردن لە شانۆی هەڵبژاردنەکان یەکێک لە هەوڵە باوەکان بووە.

ئەگەرچی هێستاش پێویستە چاوەڕوانی ڕاپۆرتی تەکمیلی سەبارەت بە بایکۆتی بەرینی ئەم گاڵتەجاڕیە لە کوردستان بین بەڵام هەتا ئێستاشی سەرکەوتنی خەڵک لەم نەبەردە دیاریکراوەدا مسۆگەرە. بەڵام ئەوەیکە ڕۆژی هەینی ڕوویدا دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. جەماوەری خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕژیمە "نا"یان بە کۆماری ئیسلامی وتبوو. جەماوەرێک کە پەلاماری ئەم ڕژیمە سەرکوتگەرەیان بۆسەر کوردستان بە خۆڕاگری قارەمانانەی خۆیان وڵام دابۆوە جەماوەرێك کە ئەم خۆڕاگرییەیان لە ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی جۆراوجۆر و لە حەرەکەتی جەماوەریی گەورە لەوانە مانگرتنی سیاسی، لە ساڵانی جۆراوجۆردا تاقی کردبۆوە، لە هەموو دەرفەتێک کەڵکیان وەرگرتووە تا بێگانە بوونی ئەم ڕژیمە لەگەڵ بەرژەوەند و قازانجی ئەمڕۆ و سبەینێیان نیشان بدەن. ڕۆژی هەینی بۆ جارێکی دیکە وەها دەرفەتێک خوڵقا و زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لە هاوپشتییەک کە بەدەیان جار تەجروبەیان کردبوو، بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ خۆیان بە بێگانە دەزانن. جێی خۆیەتی هەر لێرەوە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە گەورەیە لە خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو چالاکانەی کە بۆ بڕینی ئەم ڕێگایەدا هەوڵیان داوە، پیرۆزبایی بکەین.

هەڵبەت پێویستە بوترێ کە بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان لە ڕۆژی هەینیی ڕابردوودا بۆ زۆربەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، ڕووداوێکی لەناکاو نەبوو. کارنامەی ئەم دەسەڵاتە لە کوردستان پڕە لە جەنایەت و داسەپاندنی بێ مافی و پێشێلکردنی ئاوات و ئارەزووەکانیان لەپێناو بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی ئینسانی. بێ گومان جەماوەرێک کە داخوازییە سەرەتاییەکانیان بە زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام وڵام دراوەتەوە، جەماوەرێک کە لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا شوێنی ژیانیان ناسناوی ناوچە بێبەشەکانی بۆ پاساو کردنی درێژەی ئەم بێبەشییە لەسەرە، جەماوەرێک کە سێبەری بێکاری، هەژاری و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ژیانیانەوەیە، جەماوەرێک کە ڕوو دەکەنە کۆڵبەری واتە ئەو کارە دژوار و پڕمەترسییە و لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانەوە گیانیان دەخەنە گرەوی وەدەستهێنانی پارە و نانێک، جەماوەرێک کە بەناچار بۆ دیتنەوەی کار کۆچ دەکەن و دژوارییەکانی دووری لە بنەماڵە تەحەمول دەکەن، ڕۆژی هەینی لە هاوپشتییەکی بەهێزدا بە بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان نیشانیان دا کە خۆڕاگری و خەبات لەپێناو وەدیهاتنی مافە ڕەواکانیان درێژەی هەیە و هەموو جارێ هەنگاوێکی گەورەتر بەرەوپێش هەڵدەگرن. ئەم جەماوەرە لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگدا نیشانیان دا کە کوردستان هەروا سەنگەری شۆڕشی ئێران دەمێنێتەوە. ئاشکرایە کە هێشتا تا سەرکەوتنی نیهایی ڕێگایەکی دوورودرێژ لەبەرە بەڵام هاوپشتیی ڕۆژی هەینی لە وڵام بە بانگەوازی بایکۆتی گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردنەکان، نیشانی دا کە خەڵک خۆیان بۆ نەبەردە چارەنووس سازەکانی داهاتوو ئامادە دەکەن.

بەڵام تایبەتمەندیی دیاری بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان پێویستە لە پەیوەند و هاوڕێیەتیی زۆرینەی بەرچاوی خەڵک لە سەرتاسەری ئێران ببینین. ئەم حەرەکەتە هیوا بە گۆڕان، زیاتر لە ڕابردوو لە ئاستی کۆمەڵگا و لەناو جەماوەری نارازی بەم دەسەڵاتە بەهێز دەکات. ئەگەرچی بە ڕوونی دیارە کە ئامار و ئەرقامی ڕاگەیەندراو لە لایەن دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕژیم ساختەکارییە، بایکۆتی هەڵبژاردنی فەرمایشی لە ئاستی سەرانسەریشدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. جەماوەری خەڵک لەم کردەوە سەرتاسەرییەی خۆیاندا توانییان هەنگاوێکی گەورە لەپێناو تاراندنی نیزامی گەندەڵ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی هەڵگرن. ئەگەر ئەوەیکە ڕۆژی هەینی ڕوویدا لە چوارچێوەی حەرەکەتە نارەزایەتییەکانی بەتایبەت چەند ساڵی ڕابردوودا هەڵسەنگێنین بێگومان دەتوانێ لە داهاتوودا ڕێگاخۆشکەری حەرەکەتی گەورەتر بێت و هیوا بە داهاتوویەکی ڕوون بەرهەم دێنێ. داهاتوویەک کە هەر ئەم جەماوەرەی قوربانیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پێویستە بیخۆلقێنن.

***

## بە داخەوە هاوڕێ نەعیم گەروسی نژاد بە جێمانی هێشت



بەو پەڕی خەم و پەژارەوە رایدەگەیەنین کە هاوڕێ نەعیم گەرووسی نژاد، یەکێک لە کۆنترین پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و کادری بەرجەستەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پاش ماوەیەک بەربەرەکانێ لە گەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، رۆژی ٣٠ی مانگی ژووئەنی ٢٠٢١ کاتژمێر نۆ و پەنجا و پێنج دەقەی شەو ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد و هەموومانی خستە ناو خەم و پەژارەیەکی قووڵەوە.

هاوڕێ نەعیم خەباتکارێکی شێلگیر و کۆمۆنیست بوو کە هەڵسووڕانی سیاسی خۆی لە دەورانی مێرمنداڵییەوە دژ بە رژیمی شا دەست پێکرد و چالاکانە لە ئاخێزی جەماوری دژی ئەم دەسەڵاتە بەشداری کرد. هاوڕێ نەعیم هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ٥٧وە، چالاکییەکانی خۆی بە کۆمەڵەوە گرێ داو و تا دوا ساتەکانی ژیانی لە ناو ئەو تەشکیلاتە دا خەباتی لە دژی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرمایەداری درێژە پێدا.

هاوڕێ نەعیم بە هۆی شێلگیر بوون و دڵسۆزی لە ئەرکەکانی خەباتی شۆڕشگێرانە دا، لە نێوان هاوڕێیانی و تەواوی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی کەسایەتییەکی بەرجەستە، باوەڕپێکراو، جێی متمانەوە خۆشەویست بوو.

بێ گومان لە دەست دانی ئەو هاوڕێیەو ئەو کادرە بە ئەزموونەی کۆمەڵەو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کارەساتێکی گەورەیە بۆ حیزبی ئێمەو نەبوونی لە ناو کۆڕێ هاوسەنگەرانی دا داخێکی گرانە. ئێمە بە درێژەدان بە ڕیگاو بە ئامانجی شۆڕشگێرانەی کە بەدیهاتنی دنیایەکی بەدوور لە ستەم و نایەکسانییە، رێز لە یادی ئازیزی دەگرین.

هەر لەو ریگەیەوە هاودەردی خۆمان لە گەڵ بنەماڵەی هاوڕیی خۆشەویست نەعیم دەردەبڕین و خۆمان بە شەریکی غەمیان دەزانین.

بژی یادی ئازیز و لەبیرنەکراوەی هاوڕێ نەعیم گەرووسی نژاد!
کومیتەی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٣٠ی ژوئەنی ٢٠٢١

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 417 July 2021
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# ڕێورەسمی یادکردن لە هاوڕێی گیانبەختکردومان فەرهـــــاد شەعبـــــانی

## (لەمەقەری ناوندی)



**ئیبراهیم عەلیزادە** : ئامادە بووانی بەڕێز، نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، هاوڕێیانی پێشمە ر گە

زۆر زۆر سپاستان دەکەین بۆ ئەوەیکە لەو ڕێورەسمی یادکردن لە هاوڕێی گیانبەختکردومان فەرهاد شەعبانیبەشداریتان کرد. هاتنتان سەبوری پێداوین. ئەمڕۆ لە هەمانکاتدا لە زۆر شوێنی کوردستان لە ئاستی جۆراوجۆردا کۆڕی ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی هاوڕێ فەرهاد بەڕێوە دەچێت. هەر دوێ شەو لە شاری سنە بە سەدان کەس ئەگەر نەڵێم بە هەزاران خەڵك لە ماڵی خۆیان یا لە دەوروبەری بنەماڵەی کاکە فەرهاد کۆببونەوە و سەرەخۆشیان لێکردوون و ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریەکانی کاک فەرهاد گرتووە. دەستیان خۆش بێت و ماندوو نەبوونیان لێ دەکەین. من هەروەها هەر لەم بۆنەیە کەڵك وەر دەگرم وە سەرەخۆشی هەموومان پێشکەش بە بنەماڵەی ئازیزی کاکە فەرهاد، هاوڕێ زارای هاوسەری، ئارام و ئەشکان و فواد، برا و خوشکە بەرێزەکانی ڕادەگەیەنم وە هێوادارم کە بە سەبووری و بە دڵێکی گەورەوە ئەو ڕەنج و ئازارە قورسە تەحەمول بکەن.

کاك فەرهاد بەڕاستی کەسایەتییەك نییە کە من بتوانم لە چەند دەقیقەیەك دا لێرە حەقی مەتڵەب سەبارەت بە ژیانی، بەرانبەر بە خەباتی ئەدا بکەم، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کاك فەرهاد لە سێ مانگ دەورانی نەخۆشیەکەی، تەواوی ئەو تایبەتمەندیانەی کە بە درێژایی تەمەنی ٦٢ ساڵەی لە خۆی نیشانی دابوو، هەمووی سەرلەنوێ بە سێ مانگ دووپات کردەوە. یانی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئێمە لە ژیانی کاك فەرهاد دا و لە خەباتی کاك فەرهاد دا دیتمان، لە سێ مانگ سەرلەنوێ کەوتەوە بەرچاومان. فەرهادی بە بیروباوەڕ، فەرهادی جیدی، فەرهادی مەسئول، فەرهادی ئیجتماعی، فەرهادی جەسوور، فەرهادی خۆنەویست، هەمووی ئەو خسوسیاتەی لە سێ مانگ دا جارێکی دیکە لە خۆی نیشاندا. واتە وەکوو ئەوەیکە جارێکی دیکە لە دایك بووبێ و بە سێ مانگ هەموو تەمەنی خۆی تێپەڕ کردبێت. لە ئەو سێ مانگەدا یەکێك لە ورەبەخشترین هاوڕێیانی ئێمە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی لە ڕۆژی ئەوڵەوە دەیزانی چ چارەنووسێك چاوەڕێی دەکات بەڵام هەرگیز ورەی بەرنەدا بۆ هەموو هاوڕێیانی ورە بەخش بوو وە هەر دەیوت من موقاوەمەت دەکەم، من ئەو نەخۆشیە شکست دەدەم، دڵخۆشی خانەوادەکەی دەدایەوە، مەسئول بوو بەرانبەر بە ڕۆحییەی یەکە یەکەی هاوڕێیانی. لەو ماوەیەدا ڕەنگە چەند سەد پەیامی بۆ هاوڕێیانی لێرە و لەوێ ناردووە، وڵامی پەیامەکانی داوەتەوە ، هەموو ئەو ئامۆژگاریانەی کە تێکۆشەرێك لە بارودۆخێکی ئاسایی دەیکا لە بارودۆخی ئاوا هەستیار و پڕ لە ژان و ئازاردا ئەو دەیکرد. لە پەیامی بۆ خەڵکی کوردستان، ئەم جەماوەری کە بە خەمی نەخۆشیەکەیەوە بوون، بەڵێنی خۆی بۆیان دووپات دەکرەوە ، جەسوور بوو جارێکیان لە چاوپێکەوتنێکدا بە منی وت کە دڵنیا بن لە مەرگ ناترسم. وە مەرگ بۆم تەبیعی ترین شتە کە لەو کات و ساتەدا ڕوودەدات، بەڵام مەسەلەم ئەوەیەکە چ یادگارێك لە خۆم بە جێ دێڵم و چۆن قەزاوەت دەکرێم. هەر ئەمانە وای کرد کە کاك فەرهاد جارێکی دیکە بە ئێمە نیشان بدات کە ئۆلگوی تێکۆشەرێکی کۆمۆنیست لەو سەردەمەدا وە تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕ لەو سەردەمەدا چییە.

ژیانی کاك فەرهاد لە منداڵیەوە تا دەگاتە دوایین ڕۆژەکانی هەمووی وەکوو پەردەی سینەما ئێستا لەبەرچاومانە. فەرهاد هەرگیز سەرباری هیچ کەس نەبوو. تەنانەت لە ١١ ساڵەیەوە کاتێك هەستی بەوە کرد خانەوادەکەی دەستەنگن دەستی کرد بە کرێکاری،وە وەختێك دڵنیا بوو دەتوانێ خەرجی خوێندن و تەحسیلی خۆی دابین بکات دووبارە دەستی بە خوێندن کردەوە. وەختێك خانەوادەکەی دەستەنگ تربو و بێ ئەنوا تر بوون دەستی بە تەواوی لە خوێندن هەڵگرت وە هەوڵی دا بۆ ئەوەی کە هەموو ژیانی خانەوادەی دابین بکات. کە دێ بۆ پێشمەرگایەتی تەواوی ژیانی پێشمەرگایەتی کاکە فەرهاد دا ئەوەی دەبینین جەسارەتە، فیداکاریە، لێهاتوویە. لە سەرتاسەری کوردستان هەر لە جنوبی کوردستانەوە تا دەگاتە شومالی کوردستان پێشمەرگایەتی کردۆە، لە هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتە بیرەوەری تێکۆشان و فیداکاری کاکە فەرهادیان لە بیرە و دەیناسن وە ئەوە سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە کە هەر دەمێنێتەوە.

کاتێك بە بۆنەی موعالجەوە، ناردمان بۆ دەرەوەی وڵات ساڵی ١٩٨٨ کە بە تەرکشی خومپارەوە گوێی عفونەتی کردبوو، مەترسی ئەوە بوو کە نەخۆشیەکە سەرایەت بکاتە ناو مەغزی وە مەترسیدار بوو بەپەلە ناردمان بۆ ئۆروپا، لەوێ وا هات کاری

**پێوانەی هەڵسەنگاندنی کاری ئێمە، قەزاوەتی جەماوەرە، دەنگدانەوەی کاری خۆمان لە کۆمەڵ دا بیستووەتەوە. فەرهاد خەڵاتی خۆی لە جەماوەری خەڵکی کوردستان وەر دەگرت.**

موعالجەکەی تووڵی کێشا بەڵام بزانین کاك فەرهاد لە ئۆروپا چی کرد. یەکەم کاری ئەوە بوو کە خۆی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کە چووبوو تێیدا دەژیا گونجاند. بە خێرایی زمانی سوئیدی بە تەواوی و بە کامڵی فێر بوو، هەموو ئەو کەم و کوڕیانەی کە لە لە خوێندندا کاتی خۆی بۆی نەکرابوو لە ماوەیەکی کورتدا قەرەبووی کردەوە، لە ماوەیەکی کورتدا دوو دیپلۆمی وەرگرت. دیپلۆمێکی دەبیرستانی سوئیدی وە دیپلۆمێکی تایبەت بە کاری ڕۆژنامەگەری و میدیا و ڕادیۆ و تەلەویزیۆن. وە دوایی ئەو شارەزاییەی خۆی بەکار هێنا لە خزمەت پەرەپێدانی ئەو بوارانە لە کاری میدیای کۆمەڵە و کاری تەلەویزیۆنی کۆمەڵە وە کتێبچەی نووسی و و خۆی بوو بە مودەڕس و موعەلیم. بەڵام ئەوە هەمووی نەبوو ئەم لەوێ وەك پەنابەرێکی عادی دانەنیشتبو بە ژیانی پەنابەری خۆی قەناعەت بکات، ئەو بڕیاری دابوو لە ژیانی قەد سەرباری هیچ کەس نەبێ. هەر بۆیە لە سەر پێی خۆی ڕاوەستابوو، بوو بە کرێکار بۆ ئەوەیکە موحتاجی دەستی سوسیالی ئەو وڵاتە نەبێ وە بە ڕەنجی شانی خۆی بە ڕێ بچێ. بەڵام کە کرێکار بوو، کاری ئەوە نەبوو تەنیا نانی خۆی پەیدا

**تەواوی ئەو تایبەتمەندیانەی کە بە درێژایی تەمەنی ٦٢ ساڵەی لە خۆی نیشانی دابوو، هەمووی سەرلەنوێ بە سێ مانگ نەخۆشییەکەشی دا دووپات کردەوە. یانی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئێمە لە ژیانی کاک فەرهاد دا و لە خەباتی کاک فەرهاد دا دیتمان، لە سێ مانگ سەرلەنوێ کەوتەوە بەرچاومان. فەرهادی بە بیروباوەڕ، فەرهادی جیدی، فەرهادی مەسئول، فەرهادی ئیجتماعی، فەرهادی جەسوور، فەرهادی خۆنەویست.**

بکات. لەماوەیەکی زۆر کەمدا بوو بە ئەندامی سەندیکای کرێکارانی موعتەبەری سوئێد. وە نە تەنها بوو بە ئەندام بوو بە نوێنەری ئەو بەشەی کە ئەو کاری تێدا دەکرد، نوێنەری کرێکارانی بەستە بەندی گۆشت لە سوئێد. ئەوە تازە هەمووی ئەوانە نییە،لەگەڵ یاساکانی ئێتحادییەی کرێکارانی سوئێد ئاشنا بوو، لە دەیان دێباتی تەلەویزیونی وەکوو پسپۆڕێکی خەڵکی نیشتەجێی ئەوێ دەرکەوتووە، و دیفاعی لە مافی کرێکارانی سوئیدی کردۆە. لە پاڵ هەمووی ئەوانەشدا تازە بە فکری پەنابەرانی گرفتار لەو وڵاتەشدا بووە، هەموو یاسایەکی پەنابەری لەبەر بوو یارمەتی پەنابەرانی دەدا.

ئێوە بیر لەوە بکەنەوە هەموو ئەو کارانە لە پاڵ چیدا دەکرا. هەموو ئەو کارانە لە پاڵ ئەوە دا دەکرا کە ئەو یەکێك لە بەڕێوەبەرانی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی ئێمە بوو لە یەکێك لە هەستیار ترین سەردەمەکاندا. لە سەردەمێکدا کە تەشکیلاتی ئێمە تووشی دووبەرەکی ببوو، پێویستی بە سەرلەنوێ باسازی و سەرلەنوێ بووژانەوە بوو،وە وەکوو مودیرێکی کار لێ هاتوو لەو بوارەشەدا دەوری دەنواند. لە سەردەمێکدا کە دەبوایە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە ئێمەشەوە دائیمەن لە ئاکسیۆن و خۆپیشاندان بن لە دژی کۆماری ئیسلامی وە هاوڕێ فەرهاد یەکێك لە دامەزرێنەران و ڕێکخەرانی ئەو نەوعە ئاکسیۆنانە بوو. هەر گۆشەیەك لە ژیانی ئەو چاو لێ دەکەی، ئەوەی کە ئەو کردوویەتی، وە حەقیقەتەن لە چوارچێوەی کاری قارەمانێك دەگونجێ، بەنەزەر دەگا لە تاقەتی بەشەری عادی بەدەر بێت. سەرەڕای هەمووی ئەوانە نێو بەنێو دەهاتەوە بۆ مەئموریەتی کوردستانیش. لەو فاسلەیەدا کە دەهاتەوە کوردستان لێرە وەکوو پێشمەرگەیەك، وەکوو فەرماندەیەك وەکوو ڕێکخەرێك بەڕێوەبەری کاری ئێرە بوو کە خۆی دەگەیاندەوە دەرەوە دووبارە ئەو ڕەوتەی دەست پێ دەکردەوە. بۆیە کاکە فەرهاد بە مەعنای واقعی ووشە ، ماندووی نەناس بوو وە ئێمە ئەوانەمان دێتەوە بیر کاتێك دەڵێین دەزانین چ گەوهەرێکمان لە دەست داوە.

کاك فەرهاد کۆمەڵێك مەشغەڵەی هەبوو، کە ئەو مەشغەڵانە لە ناو حزبی ئێمەدا و ناو کۆمەڵەدا پێش هەموو کەس تایبەتمەندی ئەو بوو،یانی لە هەموو کۆنگرەکانی ئێمەدا ، لە هەموو کۆبوونەوە گشتیەکانماندا و ئەو ناوەندانەی کە بڕیاری تێدا دەدرا، کاك فەرهاد یەکەم کەس بوو کە بە فکری ئەو کەسانە بوو کە لە کوردستان تووشی مادە هۆشبەرەکان بوون، بە فکری موعتادان بوو، قەراری دەردەکرد، ببو بە پسپۆڕی ئەو بوارە،هوشداری دەدا، ئاماری کۆ دەکردەوە، زانیاری کۆ دەکردەوە، ڕێنمایی دەکردین، پێشنیاری دەدا، وە ئەو تەنیا کەسێك بوو کە ئەو کارەی دەکرد وە ئێمە بە شوێنیدا دەڕۆیشتین، کاکە فەرهاد تەنیا کەسێك بوو کە پێش هەموو کەس بە فکری کۆڵبەران بوو، کە کێشەی کۆڵبەری گەورە بووەوە لە کوردستان، کاك فەرهاد یەکێك لەو کەسانە بوو کە ئاماری کۆدەکردەوە، زانیاری کۆدەکردەوە وە ئەوەی بە هەموو دنیا ڕادەگەیاند. لە میدیاکاندا لە ئەدەبیاتی خۆماندا وە ڕەنجی پێ دەبردن لەگەڵ ئازاری ئەوان ئازاری دەچێشت، وە کاتێك خەبەرێك لە بابەت ئەو ئازارەی کە بە کۆڵبەران پێدەگەیشت فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتە خوارێ و دڵی پڕ دەبوو. بەڵام هەر بەوە ڕانەدەوەستا. هەوڵی دەدا بۆ

**دەرسەکانی ژیان و خەباتی فەرهادی شەعبانی**
**کات بە فیڕۆ نەدان، تەمەن کورتەو ئەرکەکانمان زۆرە، ئەگەر پەلە نەکەین دوا دەکەوین.**
**بە کەڵک بوون لە هەموو ئان و ساتێکی ژیان دا**

ئەوە کە دەنگیان بەگوێی هەموو دنیا بگەیەنێ. کاکە فەرهاد زۆر بە فکری خەڵکی گەڕەکە پەراویز نشینەکان بوو، ، لەو بوارەوە بەردەوام زانیاریی کۆ دەکردەوە، سەدان لاپەرە ئیتلاعات وە مەعلومات لە نوسراوەکانی کاك فەرهاد بە جێ ماوە بۆمان کە زانیاری پێویست لەسەر گەڕەکە فەقیر نشینەکانی شاری سنە کە ئێوە دەزانن شاری سنە یەکێك لەو شارانەیە کە زۆرترین حاشیە نشینی هەیە لە چاو جەمعیەتی لە هەموو ئێران.وە ئەو زۆر بە فکری ئەوە بوو مادەی هۆشبەر لەو گەڕەکانە بڵاو نەبێتەوە، زۆر بە فکری ئەوە بوو سەلەفیەکان لەو ناوچانە خەریکن بەهێز دەبن، وە ئەو پسپۆڕ بوو لەو بوارانەوە، ناڵێم کەسی دیکە بەوە خەریك نەبوو، بەڵام کاکە فەرهاد پسپۆڕی ئەو بوارانە بوو. کاکە فەرهاد زۆر بە دەربەستی ئەوە بوو سپای پاسداران لە کوردستان چ مەجموعە پرۆژەیەکی درێژماوەی هەیە، وە ئەو کەشفی ئەوەی کرد سپای پاسداران لە سەر منداڵانی کوردستان کار دەکات، نەك بۆ ئەوەی کە مەغزیان بشواتەوە، بەڵکە بۆ ئەوەیکە بیانچەوسێنێتەوە، ئەوانە هەموو مەشغەڵەکانی بوون. ژیانی کاك فەرهاد کۆمەڵێك دەرسی بۆ ئێمە تێدا بوو بەڕاستی. پێویستە ئەم دەرسانەی لەبەرچاو بگرین وە پێم خۆشە من قسەکانم بە کورت کردنەوەی ئەو دەرسانەی کە ژیانی کاك فەرهاد بۆ ئێمەی تێدا بوو کۆتایی پێ بێنم. یەکیان ئەوەیە کە لە ژیان و خەباتماندا جیدی بین. تەمەن کورتە و ئەرکەکانیشمان زۆرن، ئەگەر بە پەلە نەبین وە دوا دەکەوین. وە ئەوە هەموو ژیانی فەرهاد بوو. فەرهاد بەپەلە بوو هەموو کەس دەیوت فەرهاد "عەجوولە"، فەرهاد عەجوول نەبوو، فەرهاد دەیزانی تەمەن کورتە، وە تەمەن ٨٠ یا ٩٠یش بێ هەر کورتە بۆ ئەو هەموو ئەرك و وەزایفەی ئەو لە دەرونی دا پەروەردە ببو وە خۆی بۆ تەرخان کردبوو. فەرهاد پێی وابوو نابێ کات بە فیڕۆ بدەین، وە ئێمە دەبێ ئەوەی لێ فێر بین. فەرهاد دەیهەویست لە هەر لەحزەیەکی ژیانیدا موفیدبێ، ئەگەر بووە بۆ خانەوادەکەی خۆیشی، لەحزەیەك لە ژیانی فەرهاد نابینی کە کارێکی کردبێ موفید نەبوبێ، هیچ نەبێ بە فکری پەروەردە کردنی منداڵەکانی بوو. واقعەن بە فکریان بوو ئەوە نییە بڵێین ئەو هەموو ئەرك و وەزیفەی کە بەڕێوەی دەبرد ئەوی لە ژیانی شەخستی و بنەمالەیەکەی غەفڵ کردبوو، ڕاستە بە دابەش کردنی ئیشێك لەگەڵ هاوڕێ زارای هاوڕێی تەمەنی بە دابەش کردنی لەگەڵ ئەوان کارێکی زۆر گەورەیان بەڕێوە برد. منداڵەکانیان بە باشترین شێوە پەروەردە کرد، نمونەن هەمووی لە وڵاتی سوئد هەموو کاری باش، تەحسیلی باش ڕۆحیەی باش وە جێ کەوتوو لە ناو کۆمەڵگایەکی بە ڕوالەت غەریبدا بن بە خەڵکی ئەو وڵاتە. کاکە فەرهاد دەرسێکی دیکەی بۆ ئێمە ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا دەنگدانەوەی کارەکانی خۆی لە دەرەوە ببیستێتەوە، واتە ئەگەر ئیشێکی هەبوو کارێکی دەکرد پێوانەی ئەو ئەوە نەبوو کە چەندە لە ناو ئەو تەشکیلاتا ئیمتیازی پێ دەدەن، چەندە تەئیدی دەکەن، چەندە بەڵێی بۆ دەڵێن، بەڵکە پێوانەی ئەو ئەوە بوو کە چەندە لە کۆمەلەوە ئەو دەنگە دەبیستێتەوە، وە دەیبیستەوە بەڕاستی، بەڕاستی ئێمە هەم لەو چەند ڕۆژەدا وە هەم لە ڕۆژانی داهاتوودا سەرەڕای ئەو هەموو خەفەقان و سەرکوتەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا لە کایەدایە ، بەڵام خەڵك ڕێزی لێ دەگرن، وە بەرەبەر هەر خەریکە پەرە دەستێنێ، کاری ئێمە دائیمەن ئەوە هاوڕێیان دەزانن کە هوشدار بدەین بڵێین بابە تووشی ئیحساسات مەبن، خۆتان کونترۆڵ کەن دوژمن هێشتا بەخەبەرە، دوژمن لە کەمیندایە، بەڵام فایدەی نییە چوونکە دەنگدانەوەی کردەوەو کاکە فەرهاد زۆر لەوە بەرینترە کە ئێمە بتوانین بەم ئامۆژگاریانە پێشی بگرین، کاکە فەرهاد مەوقعیەت و جێگا و شوێنێك کە لە نێو ئێمەدا پەیدای کرد بەهۆی ئەو دەنگانە نەبوو کە لە کۆنگرەکانەوە پێیان دەدا، هەرچەند ئەو ٢٧ ساڵ بوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو، ٢٣ ساڵ بوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بووئەو دەنگانەی بە ئاسانی بە دەست دەهێنا، بەڵام بەڕاستی ئێعتباری توانایی و نفوز و مەحبوبیەتی لێرەوە نەبوو، ئەوە لە پەراوێزی سەرکەوتنەکانی بوو کە ئەویش لە جێی خۆی ئەرزشی بوو، بەڵام فەرهاد خەڵاتی خۆی لە جەماوەری خەڵکی کوردستان وەر دەگرت وە وەریشی گرت و لەوە بەولاوەش هەر وەری دەگرێ، کاکە فەرهاد بە ئێمە دەڵێ کە جەوانانی ڕیزەکانی کۆمەڵە دەبێ خۆتان پێ بگەیەنن، نابێ هەر بە تەمای بە تەمەنەکانمان دانیشن، ئێمە نابێ لە دەست چوونی کەسێك یان کەسایەتیەك وەکوو کاك فەرهاد ببێ بە کارەسات بۆمان، وەکوو ئێستا بووە، وە ئەوە نیشانەی قودرەتی ئێمە نییە، ئەوە نیشانەی یەکێك لەو خالە لاوازانەیە کە هەمانە کە بۆچی بە ئەندازەی کافی جەوانانێك لە جۆری کاکە فەرهاد پێنەگەیشتون کە ئێمە ئەمڕۆ ئەوەندە بە حەسرەتەوە نەڕوانینە ئەو مەوقعیەتەی کە تێیداین. وە ئەوە مانای ئەوەیە کە دەبێ کادر پەروەردە کەین، مانای ئەوەیکە دەبێ دەرس و ئەزموونەکانی کاك فەرهاد ڕێمان پێ نیشان دا بۆ دوا ڕۆژێکی ڕوون، وە بۆ سەرکەوتنێك کە پێم وایە مسۆگەرە. سەرەنجام دەتوانم بڵێم کە بەڕاستی ئێمە گەوهەرێکی نایابمان لە دەست داوە وە پڕکردنەوەی جیگای بە تەلاش و کۆششێکی بێ ئەو پەڕی هەموومانەوە گرێ دراوە، ئایا ئەو ئیستعدادە لە خۆمان نیشان دەدەین کە ڕێڕەوێکی هەڵکەوتووی ڕێبازی کاك فەرهاد بین؟ با بزانین.

***

**بەڕاستی ئێمە گەوهەرێکی نایابمان لە دەست داوە وە پڕکردنەوەی جیگای بە تەلاش و کۆششێکی بێ ئەو پەڕی هەموومانەوە گرێ دراوە، ئایا ئەو ئیستعدادە لە خۆمان نیشان دەدەین کە ڕێڕەوێکی هەڵکەوتووی ڕێبازی کاک فەرهاد بین؟**